# له ستایشی پیری شاعیرانی هەڵەبجە

## تایەر بەگی جافدا

شاکار محەمەد

تایەر بەگ هۆنەرێکی گەورە و بلیمەت بووە، زۆر هۆنراوە و شیعری لە بۆنەکاندا وتووە. شیعر و هۆنراوە ئەڤین و دڵداریەکانی، شاعیری خستووەتە ڕیزی پێشەوە و دەست و پەنجەی ڕەنگینکردووە.

شاعیر لە جوانی شاخ و داخی کوردستان و ناوچەکەی خۆی سۆز و شیعر و میهری خۆی چریوە.



شاعیر، دانیشتوی شاری هەڵەبجە بووە و لە هۆزی گەورەی جاف بووە، جگە لە زمانی دایک، سێ زمانی تری زانیوە (فارسی، عەرەبی، فەرەنسی) لە پلەوپایەدا کەسێکی ناودار بووە لە ناو هۆز و عەشیرەتی جافدا، لە سەرانسەری کوردستاندا وەک شاعیرێکی کورد ناسراوە و لە زۆربۆنە و ئاهەنگ و گۆرانیدا شیعر و هۆنراوەکانی باس و خواستی لەسەر بووە.

لە ساڵی ١٨٧٥ لە هەڵەبجە لە دایکبووە لە ١٩١٧

کۆچی دوایی کردووە واتە (٤٢ ساڵ) ژیاوە، ئاشنایەتی لەگەڵ ئاین و ئایندارانددا هەبووە.
لە دوای کۆچی دوایی (عوسمان بەگی جاف) کە باوکی بووە، ماوەیەک قایمقامی هەڵەبجە بووە.
کەسێکی پاک بووە، دادپەروەرو میهرەبان بووە، کەسایەتی خۆی پاراستووە و لەگەڵ مێجەرسۆندا لە ماڵی خۆیاندا ژیاوە و زیرەکی و بلیمەتی لای مێجەرسۆن دەرکەوتووە چاودێر لە سەر مێجەرسۆن داناوە و دواتر بۆی دەرکەوتوو کە ئەمە کەسێکی ئاسایی نییە و داوای لێ کردووە ڕاستێتی کەسایەتی خۆی ئاشکرا بکات .
مێجەرسۆنیش دوای ئەوەی گرنتی پاراستنی خۆی لێ وەردەگرێت خۆی بۆ ئاشکرا دەکات و ئەویش بەڵێنەکەی دەباتە سەر و داوای لێ دەکرێت ناوچەکە بەجێ بهێڵێ و ئەویش دەروات و بەجێ ی دەهێڵێت.
شایەنی باسە تایەر بەگ لە خانەوادەیەکی بەگزادە و عیلم پەروەر بووە و هەموو کات و وەختێک زانا و گەورە پیاو و مەلا و شێخ و بەگزادەکانی جاف و بابان و ئەردەڵان لەوێ بوون، لە عیلم و زانیاری و ئەقڵ و ڕاوێژیان سوود مەند بوون .
مامۆستا عەلائەددین سوجادی لە کتێبەکەی خۆیدا جێگای تایبەتی بۆ تایەر بەگ کردۆتەوە هەست و نەستی شاعیرمان بۆ واڵا دەکاتەوە و زرنگ و لێهاتووی و جوامێری تایەر بەگیان پێ دەناسێنێ و ئاشنایان دەکات.
تایەر بەگ لە ژیاندا خێزانی دروست کردووە و نەوەی خستۆتەوە، هەروەها خاوەنی کۆمەڵە شیعر و دیوانێکی جوان و بە نرخی لە دوا بەجێماوە.
دیوانەکەی شاعیر لەم بەشانەی خوارەوە پێک دێت:
شیعر و هۆنراوەی دڵداری، مێژووی بەسەرهات، ئاینی و فەلسەفی هەروەها بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی گەلێ شیعر و هۆنراوەی جوانی هەیە.
دیوانەکەی تاوەکو ئێستا چوار جار چاپ و بڵاوکراوەتەوە دوا ترینیان. لە لایەن حەسەن گۆران (کۆکردنەوە ساغکردنەوەی) بۆ کراوە و لە چاپێکی جوان و ڕازاوەدا لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو کراوەتەوە.
نمونەی شیعری تایەر بەگی جاف ...

قوربانی روحت بم كه شكستی به قەمەردا
حەیرانی لەبت بم كەڕەواجی بەشەكەردا
هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەصڵ و نیەئەصڵێ
كارت وەكو دنیایە هەر ئەمڕۆیە بەفەردا
مەقسودی لەسەر كوشتنی عوششاقی زەعیفە
وەختێ كەدەكا خەنجەری تیژی بەكەمەردا
هەرچەندە دەكەم سەعی، لەبەر خوێنی سریشكم
خاكێ نیە بیكەم بە هەوەس گاهێ بەسەردا
ناحەق نیە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحموول
سیروانی سریشكم كە ئەكا هاژە لەسەردا
دڵ رۆویوە قوربان لەوجوودم بە خەیاڵات
دایم لە سەفەردایە ئەگەر چی لەحەزەردا
مەیلت هەیە (تاهر) كە بپرسی لە برینم
بڕوانە كە ئەو شۆخە چ تیری لەجگەردا

یان دەڵێت...

نەماوە شاری بابل چاهی هارووت
لە كوێ خوێندویە ئەفسون چاوی جادووت
دەڵێی تۆراوە قیبلەی عاشقانت
كە ئەمڕۆ كە چ بووە میحرابی ئەبرووت
وەكو مەرجانی ئاڵە ڕەنگی ئەشكم
لەناو ڕوخساری لەعل و لێوی یاقووت
مەكە مەنعم لە شە هدی لێوی ئاڵت
دەزانی خۆ كە كەس ناژی بەبێ قووت
عەجەب پێكەوەن هەم تاق و هەم جووت
وەرە (تاهر)مەبەستە دڵ بە دونیا
بەزاهیر جوان و باتین پیرو فەرتووت